

# خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکێکی بڵاونەکراوەی (لەتیف حامید بەرزنجی)

سابیر ڕەشید

ساڵی سێیەم
ژمارە
8
ئاب
2018

**(بەڕێز....**

**پێخۆشحاڵین بە ئامادەبوونتان لە کۆنگرەکەماندا لە شوێن و کاتی دیاریکراودا)**

ئەمە ناونیشانی ئەم چیرۆکە بڵاونەکراوەی (لەتیف حامید بەرزنجی)یە کە ناونیشانەکەی زۆر نوێ و سەرنجڕاکێشە بۆ سەردەمی خۆی کە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانە، چونکە ناونیشان دەکرێ ببێتە هۆکارێکی رازاندنەوە بۆ دەق، کە لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت شتێك یا بیرۆکەیەکی چیرۆکەکە دەربخات، خوێنەر پێش هەموو شت ناونیشانەکە دەخوێنێتەوە، جا ئەگەر سەرنجی راکێشا بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکەی رایدەکێشێ. هەندێك ناونیشان ئیحای ڕووداوێك یا بیرۆکەیەك یا شوێنێك یا کەسایەتییەك یا ناوێك یا کاتێك بە شێوەی جیاجیا دەدات. بێگومان ناونیشانی کورتە چیرۆك لە هەندێك چیرۆکدا هەموو خوێندنەوەی دەقەکەت پێدەبەخشێت بۆیە (گوڵدمان دەڵێ ناونیشانی دەق چراخانی دەقەکەیە.. هەروەها ناونیشانی دەق رۆشناییەکە لە سەرەوە، لەوێوە هەندێ لە تیشکەکانی خۆی بەسەر ئەملاو و ئەولای ڕووبەری دەقەکەدا بڵاودەکاتەوە..))(١٠)

ناونیشانی ئەم چیرۆکە وەك چیرۆکەکانی تری لەتیف حامید هەستی خوێنەر دەبزوێنی، بەڵام ئەم چیرۆکەی وەك چیرۆکەکانی تری نییە بەتایبەتی کە ناونیشانی سەر پسوولەی بانگهێشتی کۆنگرەیەك بکرێت بە ناونیشانی چیرۆکێك و چیرۆکەکەش ناوەرۆکەی بریتییە لە بانگهێشت و چوونی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بۆ کۆنگرەیەك و هەر خۆشی پاڵەوانی چیرۆکەکە چیرۆکبێژ و بگێڕەوەی چیرۆکەکەیە و هەر لەم ناونیشانەدا دیارە کە کات و شوێنی کۆنگرەکە لە ناونیشانەکەدا دیاریکردووە و ئاماژەی پێداوە. هەندێکجار چیرۆکنووس بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر یا بە مەبەستی نوێکاری ناونیشانێکی سەمەرەو جیاواز و جێی سەرنج بۆ چیرۆکەکەی دادەنێ ئەمەش لە دەیەی حەفتاکاندا ئەم ناونیشانە نوێیانە سنووری باوی خۆیان بەزاندو بوو بە سیمایەك و ناسینەوەیەکی ئەم دەیە و بەشێکیش بوو لە نوێکاری هەروەك لەبارەی ناونیشانی چیرۆکی کوردی لەم دەیەدا (د. ئیبراهیم قادر محەمەد) کە نامەی دکتۆراکەی تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی کوردی ساڵانی (1970-1980)دا دەڵێ (شاعیرایەتی (الشعریە) سیمایەکی تری گەلێك لە ناونیشانی چیرۆکەکانی دەیەی حەفتایە، بۆ پتر کارکردنە سەر هەستی خوێنەر و سەرنجڕاکێشانی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە وەکو جوانکاری و ڕەوانبێژی و بەخشینی ئیحایەکی شیعری، کە زۆرجار لە ڕەمز و پێچەوانەیەکی هونەرییانە بەدەر نین..))(2)

ئەم ناونیشانە نوێیانە لە دەیەی حەفتا و بەدواوە لە چیرۆکی کوردیدا پەیدا بوو کە بۆ سەردەمی خۆی بە لایەنێکی نوێکاری دادەندرێت ئەگەر تەماشای ناونیشانی چیرۆکەکانی لەتیف حامید بکەین وەك (قوڵپی رشانەوەی ڕەش-بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە- زەرد، سوور، سەوز، شین- سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو... تا ناونیشانی ئەم چیرۆکە) دەبینین بۆ ئەم سەردەمەی چیرۆکی کوردی کە سەرەتای دەیەی حەفتایە نوێیە.. یا ئەگەر تەماشای ناونیشانی چیرۆکەکانی ئەحمەد شاکەلی بکەین ئەویش هەمان نوێکاری لە ناونیشاندا کردووە بۆ نموونە ناونیشانی چیرۆکێکی بەناوی خۆیەتی واتە ناونیشانەکەی (ئەحمەد شاکەلی) یە یا ناونیشانی چیرۆکێکیتری پرسیارە لە خۆشەویستەوکەی و ناوی



ناوی (ئەرێ من بۆ ئەوەندە ناوت ئەهێنم). هەوەرها ناونیشان لای هەریەك لە كاكەمەم بۆتانی لە چیرۆكێكیدا (هەرەس هێنانی بەندی مەئرەب یاسمكۆلی ئەهریمەن لە زامی هەڤرێستەكەدا) یان حوسێن عارف (كلافەیەك ژانی تووڕە- چاڵی جەرگی پیرێژن... تاد) یا ناونیشانی چیرۆكێكی رەئووف حەسەن (شەیتانیش ئارەزووی مەلە دەكات لە نێوان ئەستێرەكاندا). یا لای دڵشاد مەریوانی كە لە چیرۆكێكیدا وەك ناونیشانی ئەم چیرۆكەی لەتیف حامید زۆر نوێیە كە ئەگەر چیرۆكە نەخوێنیتەوە وادەزانی چیرۆك نییە بەڵكو باسێكە یا ناوەرۆكی محازەرەیەكە نووسراوەتەوە، ناونیشانی چیرۆكەكەش وەهایە (محازەرەیەك دەربارەی كورتە چیرۆك ئەند سۆوەت) كە ئەم ناونیشانە خۆ رزگاركردنێك بوو لە ناونیشانی ئاسایی دەیەی حەفتاكان هەروەك د. ئیبراهیم قادر محەمەد هەر لەمیانی لێكۆڵینەوەی چیرۆكی كوردی لە دەیەی حەفتاكاندا و لە باسی ناونیشانی پێیوایە كە (چیرۆكنووسانی دەیەی حەفتا لەم رووەوە گەلێك هەوڵیانداوە، بۆیە كۆمەڵەیەكی گەورە ناونیشانی جۆراوجۆر دەبینرێت و هونەر و كارامەیی و ئەزموون و جوانكارییان لە دانان و هەڵبژاردنی ناونیشانی كۆمەڵە چیرۆك و چیرۆكە تاكەكانیاندا دەرخستووە..))(3(

ناونیشانی ئەم چیرۆكەی لەتیف حامیدیش وایە، پێش ئەوەی چیرۆكەكە بخوێنیتەوە هەست بەوە دەكرێ كە ئەمە وەك چاوی چیرۆكەكە یا وەك كلیلی چوونە ناو چیرۆكەكەیە كە دوای ناونیشان هەندێك چیرۆكنووس دایدەنێت، بەڵام كە تەواوی چیرۆكەكە دەخوێنیتەوە ئەوسا دەزانرێ كە چیرۆكنووس هەم بە مەبەستی نوێكاری و هەمیش وەك تەكنیك لەگەڵ چیرۆكەكەی گونجاندووە و لە هەمانكاتیشدا دەكرێ وەك چاو و كلیلی چیرۆكەكەش بخوێنرێتەوە و لەگەڵ ناوەرۆكی چیرۆكەكەشدا گونجاوە كە خۆشی ناونیشانی یا بانگهێشتی سەر پسوولەیەكە بۆ داوەتكردنی كەسێك و بۆ كۆنگرەیەك كە چیرۆكنووس دیاری نەكردووە كۆنگرەكە هی چییە، حیزبییە، حكوومییە، رێكخراوەكانە،...تاد كە بە گوێرەی كاتی ئەوسا كە چیرۆكنووس لە نێوان ساڵانی حەفتا تا حەفتاو سێ نووسیویە ئەوسا حكوومەتی هەرێم نەبووە و ئەم كاتە ساڵانی 1970 تا 1974 ساڵانی ئاگربەست لە نێوان شۆڕشی كورد و حكوومەتی عێراقی ئەوسا بووە. بۆیە كۆنگرەكە دەبێت هی حیزب بێت بەتایبەتی لە ناوەرۆكی چیرۆكەكەدا دەردەكەوێ كە پاڵەوانی چیرۆكەكە خۆزگەی ئەوە دەخوازێ كە نەمامەكانی پارییان هاتبێتەبەر تیشكی هەتاو نەخشەیەكی نوێی بۆ كێشابێتن.. رووی راستی كێشە هەرە سەختەكەی بۆ یەكالا كردبێتنەوە... تاد، بەڵام ئەوكاتەی كە لێی دەپرسن و ناسنامەكەی خۆی ئاشكرا دەكات و دەڵێ (من دوێنێ هاتمەوە سەر خۆم بینیم دەورم بە سەنگەری ئوردویەكی نەوسن گیراوە راپەڕیم و نەخشەیەكی نوێم كێشا بۆ جەنگی ئەمجارەم.. من بە مردنی خۆم ژیانی ئێوە ئەسەنمەوە).. لەم دەرخستنەی پاڵەوانی سەرەكی چیرۆكەكە كە خۆشی چیرۆكبێژەكەیە بە دیاردەكەوێ كە خەباتگێڕ و پێشمەرگە بووە و لەگەڵ ئوردوی سەربازی جەنگاوە بۆیە خەباتی كردووەو سینگی خۆی داوەتە پێش گوللەی دوژمن كە لەم چیرۆكەدا بە ئوردو ناوی هێناوە، تا میللەتەكەی لە داگیركەر و دوژمنی كورد رزگار بكات و نەخشەیەكی نوێ بۆ میللەتەكەی كێشاوە بەم جەنگەی كە كردوویەتی و بە مردنی خۆی هاتۆتە پێش تا كوردستان رزگار بێت بۆیە لەم چیرۆكە

بەدیار دەکەوێ کە پاڵەوانەکە پێشمەرگەیەکە و ئێستا کاتی چیرۆکەکە کاتی وەستانی شەڕهو کاتی ئاگربەستەو حیزب کۆنگرە دەبەستێ و ئەویش پێشمەرگەی دێرینە و لە کۆنگرەی حیزبدا بانگهێشت کراوە، بەڵام کەس خەباتی ئەوی لەبیر نەماوە بەڵکو هەر لە سەرەتای چوونیشی بۆ کۆنگرە پسوولەکە نوشت دەکات و دەیجوێتە قووڵی مشتییەوە و دواییش دەزانین کە دڕاندوویەتی، چونکە ئەو لە خەبات و ژیانی پاری کە چیرۆکنووس ساڵانی پێشتری بە ساڵی پار باسکردووە وەك ئاماژەیەك بە ساڵانی پێشتر و خەباتی پێشتر بۆیە لە خۆی رازییە و دڵنیایە لە خەباتی خۆی کە دەبوایە ئەو رێکخەر و خاوەن بانگهێشتی کۆنگرە بێت کەچی وا بە رەشبینی وەك کەسێکی ئاسایی بانگهێشتی کۆنگرە کراوەو وا بە رەشبینی دەڕواتە کۆنگرەکە و پسوولەکەشی دەدڕێنێ و بایەخی پێنادات بەڵام هەر زوو لە خۆ دواندنی خۆیدا تووشی رەشبینی دەبێت، سەرەتا لای وایە کە نەمامەکانی پاریان هاتبێتەبەر و تیشکی هەتاو نەخشەیەکی نوێی بۆ کێشابێتن وەك لە چیرۆکەکەدا دەڵێ (هەستی ئومێدێکی یەك رەنگ هەنگاوەکانمی ئەدایە پێش بەرگێکی رۆشنی ئەکردەبەر دیمەنەکانی سەر رێما. وامئەزانی ئەم هەموو خەڵکە تێکئالاوانەی شەقامەکان ئەم نهێنییەی منە وا بزە ئەخاتە سەر لێویان لێکم ئەدایەوە: (لەوانەیە نەمامەکانی پارمان هاتبێتەبەر تیشکی هەتاو نەخشەیەکی نوێی بۆ کێشابێتن.. رووی راستی کێشە هەرە سەختەکەی بۆ یەکالا کردبێتنەوە). (تۆ بەم رەشبینییە کێشەکە زیاتر ئەپێچێتەوە.. وادیارە پێ لە توانای مرۆڤ نایەنیت و بڕوات بە خۆیشت نەماوە). ئیتر پاڵەوانی چیرۆکە هەر بەم رەشبینییەوە دەگاتە بەر دەرگای شوێنی کۆنگرەکە و دەبینێ





## لەتیف حامید بەرزنجی



یەك دوو لاوی بازی بەن لە قۆڵ راوەستابوون کە لای ئەو پێشتر لای پاڵەوانی چیرۆکەکە لە چاویانا هیوایەك دەبینرا وەك دەڵێ (لە چاویانا رەهێڵەی بارانێکی چڕ پیتم ئەبینی)... بەڵام بە پێچەوانە دەبێتەوە ئەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە لەو لاوانە و لەم پاساوانانەدا دەیانبینێ ئەوە نەبووە کە بە خەیاڵی خۆی بیری لێکردبێتەوە بەڵکو تووشی سەرسووڕمان دەبێت و پێی سەیر دەبێت کاتێ دەبینێ (لایەك لە دەمیان هەڵقەی لێدرابوو.. چەرمی ناوچەوانیان سێ و چوار تەقەڵی نارێکی لێدرابوو..). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانە وەك ئامێر بوون و پاسەوانییان لە کۆنگرە دەرکرد نەیاندەتوانی قسە بکەن و بەڵکو بڕیاریشیان بەدەست نەبووە و نەشیانتوانیوە تەنانەت رای خۆشیان دەربڕن، ئەوانە تەنانەت وەڵامی پاڵەوانی چیرۆکەکەشیان پێ نەبوو کە پرسیاری لێدەکردن، کەچی وەڵامی دەستنەدەکەوت تەنها ئەو دیمەنانەی دەدیت کە لەسەر شەقامەکەوە لەبەردەم هۆڵی کۆنگرەدا خەڵکانێك پروپاگەندەیان دەکرد بێ ئەوەی ئەوانیش چاویان راستییەکان ببینێت.. بەڵام بەهەر جۆرێك پروپاگەندەیان بۆ ئەم حیزبە یان ئەم لایەنە دەکرد کە لە دەرەوە چییان پێبکرێ بۆ لایەنگرانیان لە

## سابیر ڕەشید



نێو کۆنگرەدا یا بۆ کارکردنە سەر دەنگدەرانی ئەو کەسانەی کە دەچن بۆ کۆنگرە تەنانەت خۆشیان و خەڵکیشیان وەك چیرۆکنووس باسی دەکات بەر شەوارە خستووە واتە خەڵکی چەواشە دەکەن و لە خشتەیان دەبەن، بۆیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ملی دەنێت بۆ ژووری کۆنگرەکە.. ئەوان نایناسن و داوای پسووڵەی لێدەکەن و ئەویش پێیان دەڵێ (دڕاندم!) کە ئەمەش بێ منەتی و لەخۆ رازیبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە چونکە ئەو خەباتگێڕە و پێشمەرگە بووەو گیانی خۆی بۆ میللەتەکەی خستۆتە بەردەم گوللەی دوژمن بۆیە لای خۆی ناسنامەکەی هەر ئەم خەباتەی بووە کە وەك پێناسە بۆ پاساوانی کۆنگرەکە ئاشکرای دەکات کەچی مخابن ئەوەی چاوەڕوانکراو نەبووە لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە پێیدەڵێن (ناتناسینەوەو مافی ئەوەت نییە بچیتە ژوورەوە).. تەنانەت بە تێکدەریشی لە قەڵەم دەدەن، چونکە ئەوان دوژمنییان زۆرەوە گومان لە سێبەری خۆشیان دەکەن.. بۆیە پێی سەیرە کە خەڵکانێك هاتوون و بوونەتە دەمڕاستی حیزب یا ئەو کەسانەی کە کۆنگرە دەبەستن کە مخابن ئەو ناناسنەوە و هیچ نەبێت وە ك چیرۆکنووس دەڵێ (نامەکانی دوێنێیان نەخوێندۆتەوە) کە هێمایە بۆ خەباتی

پێشووی دوێنێ واتە ساڵانی پێشوو کە چیرۆکنووس لێرە بۆ رابردوو زاراوەی دوێنێ بەکاردێنێ یا وەك دەڵێ دەبێ شتێك لە مێژووی دوێنێی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بزانن، بەڵام ئەو یەك دوو لاوە بازی بەن لە قۆڵە کە لەبەر دەرگا راوەستابوون هێمای ئەوەیە کە کەسانی دوێنێ خەباتیان کردووە و مێژوویان بۆ میللەتەکەیان تۆمارکردووە و شۆڕشیان کردووە بۆ رزگاربوون و ئازادکردنی میللەتەکەیان و گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی.. کەچی مخابن لەلایەن چەند گەنجێکی بازن بەن لە قۆڵ کە لە بەردەم هۆڵی کۆنگرە وەستاون و پاڵەوانی خاوەن خەباتی دوێنێ ناناسنەوەو بەڵکو بە بێگانەشی دادەنێن و مەترسی تێکدەریشی لێدەکەن، ئەمەش ئەم نامەیە کە چیرۆکنووس پێماندەڵێ کەسانێك کە دوێنێیان لەبیر نییە و هاتوونەتە سەر سفرەی ئامادەو یا هاتوونەتە سەر کورسی ئامادە و دەسەڵات دەگرنە دەست و دەشبن بە رێگر لە چوونە ژوورەوەی خەباتگێڕ و پێشمەرگەیەکی دوێنێ کە ئەولای خۆی نەك هەر پێویستی بە پسوولە نییە تا بچێتە کۆنگرە بەڵکو وەك خەباتی دوێنێی دەبوایە ریزیشی لێبگرن، هەر خۆشی ئەو کەسانە کە شێوەی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەن دەبوایە ئەوان کۆنگرە بەڕێوە ببەن و هەڵسووڕاوی کۆنگرە بن بەڵکو دەبوایە بن بە راوێژکار و سەرکردەی ئەمڕۆ و خەباتیان بە هەند هەڵبگیرێ، کەچی مخابن هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و ئەم پەندە کوردییە راست دەردەچێ کە دەڵێن (لەجێی شێران رێوی لێی دەکەن گێران)- کەچی لە کۆتایی چیرۆکەکە ناتوانن بەرامبەر خەباتی پاڵەوانی چیرۆکەکە بوەستن.. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بە چەند دیالۆگێکی کورت و بە تەکنیکی خۆدواندن توانیویەتی جیهانبینی دەقەکەمان بۆ دیاربخات کە مەغزاو مەبەستی شاراوەی ئەم دەقەیە و دەیەوێ لە تێمای چیرۆکەکەدا پێمان بڵێ پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە دوێنێ واتە پێشتر پێشمەرگە بووەو بۆ میللەتەکەی گیانی خۆی فیداکردووە و لەبەردەم ئۆردوی واتە سوپای دوژمن جەنگاوە کەچی وەك کەسێکی ئاسایی بانگهێشتی کۆنگرەی حیزب دەکرێت، بەڵام ئەو بە رەشبینییەوە بەرەو کۆنگرە دەچێت و وەك بڕوا بەخۆبوونێك ئەم پسوولەیە دەدڕێنێ کە دەیخاتە ناو هۆڵی کۆنگرە، چونکە ئەو پێیوایە ناسنامەکەی ئەو کە خەباتی دوێنێیەتی و ئەو پێی سەربڵندە و دەبێ نەك هەر رێز لە دوێنێی بگرن، بەڵکو دەبێ بێ پسوولەش وەك خاوەن ماڵ بچێتە ناو کۆنگرەوە و خۆشی دەبوایە خاوەن کۆنگرە بوایە، کەچی مخابن وەك تاکێکی ئاسایی پسوولەی بۆ چووەو بانگهێشت کراوە.. بەڵام کە بە رەشبینییەوە دەچێتە بەردەم هۆڵی کۆنگرە لەلایەن چەند لاوێکەوە کە هێمای نەوەی نوێیە رێگری لێدەکرێ، بەڵکو مەترسیشییان لێی هەیە نەوەك پیاوێکی تێکدەربێت ئەمەش هێمای ئەوەیە کە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا ئەوانەی خەباتیان کردووە لە دوای وەستانی شەڕ و لە ئەنجامی شۆڕشدا ئەوانە دەبن بە قۆچی قوربانی و خەباتیان فەرامۆش دەکرێ و خەڵکی نوێ دێنە سەر کورسی ئامادەو ئەوانەی هاوشێوەی پاڵەوانی چیرۆکەکەش ناناسنەوەو لەبیر دەکرێن و هەموو کۆشش و خەباتیان دەبێتە یادەوەری ئەو کەسانە خۆیان و کەس دوێنێیان ناخوێنێتەوە.. کە ئەمەش لەم چیرۆکەدا فەلسەفە و مەغزاو جیهانبینی دەقەکەیە کە بەڕای من بۆ هەموو سەردەمێك راستەو بیرۆکەی چیرۆکەکە بۆ ئەم سەردەمە و بۆ ئایندەش هەر نوێیە.. ئەمەش یەکێکە لە نوێکارییەکانی لەتیف حامیدی چیرۆکنووس کە



ئەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تریشی بۆ هەموو سەردەمێك هەر نوێن و کۆن نابن بۆیەش بە ڕێچکەشکێن و نوێکارێکی سەرسەختی سەردەمی خۆی لە چیرۆکی نوێی کوردیدا ناوی بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە.

لە هەمووی سەرکەوتووتر لەم چیرۆکەدا کۆتایی چیرۆکەکەیە کە چیرۆکنووس بە کراوەیی هێشتوویەتییەوەو دەمانخاتە بەردەم سێ گریمانەی جیاواز و سێ ڕای جیاواز لای پاسەوانانی کۆنگرەکە کە هێمای نەوەی نوێی دوای شۆڕش و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنیشیان بۆ پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بەم شێوەیە:

1- هەندێکیان پێیان وایە قسەکانی ئەفسانەیە واتە بڕوایان بە خەباتی ڕابردوو نییە و بەلای ئەوانەوە ئەو جۆرە کەسانە قسەکانیان کە باسی خەباتی خۆیان دەکەن وەك ئەفسانەیەك بێت کە لە ڕابردوودا مابێتەوە واتە تەنها خۆیان بۆ خۆیان کردووەو لای نەوەی نوێ بۆتە ئەفسانە و بەسەرچووە و لە بیرکراوە.

2- تەنانەت لای هەندێکی تریان لەم نەوەی نوێیە ئەو جۆرە کەسانە دەبن بە گاڵتەجاڕی و هەرچی بڵێن و بگێڕنەوەو باسیان بکرێت باوەڕیان پێناکرێت بەڵکو لای ئەوان زەمەنەکە وا گۆڕاوە ئەو جۆرە کەسانەیان بەلاوە گرینگ نییە، چونکە ئەوان سەرچاوەی دیکەیان هەیە و خەڵکی تریان هەیە و چەپڵەیان بۆ لێدەدات و هەڵیاندەبژێرێ و بەدوایان دەکەوێت، ئیتر ئەوان چ پێویستییان بە کەسانی ڕابردوو پاك و پێشمەرگە و خەباتگێڕ هەیە تا بیانهێنن لە نازو نیعمەتی ئەوان و شان و شکۆی ئەوان کەم بکاتەوە. نەخێر بەڵکو ئەوان ئەوەندە لەخۆبایی بوونە قسە و کرداری ئەو جۆرە کەسانەی وەك پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیان بەسەر لێشێوایش وەسف دەکەن، تەنانەت گاڵتەشی پێدەکەن!!.

3- هەشیانە لەو نەوەیە ئەوەندە بەو ڕادەیە نەگۆڕاون و بەدوای بەرژەوەندییەکان و بازرگانی نەکەوتوون، جا چ کەسانی خۆیان هەبێت وەك پاڵەوانی چیرۆکەکەمان کە قوربانیداوەو سینگی خۆی بۆ کوردایەتی داوەتەبەر گوللەی دوژمن و پێشمەرگەی ئەم شاخ و داخانەی کوردستان بووە، کەچی ئەمڕۆ فەرامۆش کراوە بۆیە ئەو کەسانە هێشتا خۆیان نەدۆڕاندووە، بەڵام ڕاڕاشن بۆیە دەپرسن وەك لەم چیرۆکەدا کە باسی سێ چینی یا سێ بیروڕای جیاوازی ئەم نەوەیە دەکرێ و یەکێکیان هێشتا دوو دڵە و بە ڕاڕاییەوە دەپرسێ (لەوانەیە ڕاستیش بکات) واتە هەندێکیان تاڕادەیەك بڕوا بە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە دەکەن و خەباتەکەی بە ڕاست دەزانن بۆیە حەزدەکەن بیخەنە ناو هۆڵی کۆنگرەوە، بۆیە داوا لەو دوو کەسەیتر کە نوێنەری دوو بیروڕای جیاوازتر دەکەن کە لێی بگەڕێن بچێتە ژوورەوە چونکە دەزانن ئەو بە ڕابردووی، بەهێزی خۆیەوە دواجار هەر سەردەکەوێ و دژ بە ناعەدالەتی و ڕێگرتن دەدات ئیتر ناتوانن لەبەردەم خەباتی دوێنێی واتە ڕابردووی پاڵەوانی چیرۆکەکە ببنە بەربەست..

پەیامی چیرۆکنووس لێرەدا ئەوەیە کە پێمان بڵێ ئەگەرچی لەبەردەم نەوەی نوێدا ڕێگا لە خەبات و قوربانی نەوەی پێشوو دەگیرێت و دووریاندەخەنەوە لە خەباتی سیاسی ئەمڕۆ کەچی لە دواجاردا ڕاستی و قوربانی و توانای دوێنێ واتە ڕابردوو هەموو بەربەستەکان دەشکێنێ و بەشدار دەبن لە کۆنگرەی حیزب و چیتر ئەم پسوولەی چوونە ژوورەوە پێوەر نییە و پاڵەوانی چیرۆکەکە وەك سوپەرمانێك نیشان دەدات کە لە دواجاردا فشۆڵەکانی بەردەم

کۆنگرە ناتوانن رێگری لە چوونە ژوورەوەی بکەن.. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە لەم چیرۆکەدا ئەم کۆتایی کراوەیەتی لە چیرۆکەکەدا کە نازانین لەناو هۆڵی کۆنگرەدا پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە چی دەکات و چی لە کۆنگرەکەدا دەگوزەرێ و ئەنجام بەچی دەگات بەڵکو چیرۆکنووس دەیەوێ لە کۆتایی کراوەی چیرۆکەکەدا خوێنەریش ببێتە بەشدارێکی تری چیرۆکەکە و خۆی هەر کەسە لە زەینی خۆیدا کۆتاییەك بۆ ئەم چیرۆکە بدۆزێتەوە ئەمەش لە دەیەی حەفتاکانی چیرۆکی کوردیدا نوێ بووەو تۆمارێکی گرنگە کە لەتیف حامید و هاوەڵە نوێخوازەکانی تریشی کردوویانە.

## لەڕووی تەکنیکەوە:

1- ناونیشانی چیرۆکەکە بە نیسبەت زەمانی خۆی کە سەرەتای دەیەی حەفتاکانە زۆر نوێیە و نامەئلووفە، کە ناونیشانەکە داوەتنامەی سەر پسوولەی کۆنگرەیەکە و لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەش گونجاوە.. خوێنەر کە ناونیشانی چیرۆکەکە دەبینێ باوەڕ ناکات کە ئەمە ناونیشانی چیرۆك بێت، بەڵام کە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە دەزانی بۆچی چیرۆکنووس ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە.

2- بەکارهێنانی شیعرییەتی نووسین یا وەك حوسێن عارف ناوی ناوە برووسکەیی نووسین لە گێڕانەوەو دایەلۆگ.. کە چیرۆکەکە دەخوێنیتەوە، هەست بەوە ناکەیت کە دەستەواژەو رستەو دەربڕینی زیادە بەکارهاتووە، ئەمەش سیمایەکی چیرۆکی کوردی بووە لە دەیەی حەفتاکاندا کە چیرۆکنووس پشتی بە کورتبڕی ببەستێ.. لە هەمان کاتیشدا زمانی گێڕانەوە ئەوەندە خەست و ماناادار و پڕ ریتم و مۆسیقایە واهەست دەکەیت چیرۆکەکە بە زمانێکی شیعری نووسراوە.. بێگومان ئەمەش هەم جوانکاری بەدەقی چیرۆکەکە دەبەخشێ و هەمیش نوێکارییە.. ئەم سیمایە یەکێکە لە مۆرکی پێناسینەوەی چیرۆکی کوردی لە دەیەی حەفتاکان و بەدواوە کە خۆی لە شێواز و تەکنیکی هەقایەتخوانی جاران رزگار کرد، بێ ئەوەی پەنا بۆ وەسفی دووروودرێژ و سەرەتای زیادە ببات بابزانین ئەم زمانە شیعرییە چەند دەقەکەی جوان کردووە بۆ نموونە دەڵێ:

(هەورە خەستەکەی بان سەرم تۆپەڵ تۆپەڵ دەست بە یەخەی یەکتر راوەستابوون لە رۆژهەڵاتەوە ساماڵێکی گەش درِی پێیان ئەدا. بەڵام رۆژ هێشتا مۆڵەتی ئەوەی نەبوو خۆی دەربخات... تاد(.

3- دوورکەوتنەوە لە وەسفی زیادە و سەرەتای چیرۆك کە جاران لە چیرۆکی کوریدا چیرۆکنووس چەند پەڕەگرافێکی وەسفکاری دووروودرێژی دەکردە دەسپێکی چیرۆکەکە ئینجا گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەستپێدەکرد.. بەڵام لەم چیرۆکە و هەموو چیرۆکەکانی تری لەتیف حامید بەرزنجی تەنانەت لە گێڕانەوەشدا چیرۆکنووس یەکسەر دەمانخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی و زیاتر پەنا بۆ دیمەن و تابلۆ و وێنە ومەبەستێك دەبات کە لە بونیادی چیرۆکەکەدا ماناو مەغزاو مەبەستی خۆی پێ دەداتە خوێنەری زیرەك.

4- یەکێك لە سیماکانی چیرۆکی کوردی دەیەی حەفتاکان و بەتایبەتیش لای نوێکارانی ئەم دەیە ئەوەبوو کە چیرۆکی کوردییان لە سێینەی مۆپاسانی (سەرەتا، گرێچن، کۆتایی) رزگار کرد. یەکێك لەو چیرۆکنووسە دیارانەی ئەم دەیەش لەتیف حامید بەرزنجی بوو کە لە هەموو چیرۆکەکانیدا و لەم چیرۆکەشیدا لەم سێیانەیە دوورکەوتۆتەوە.

5- نەبوونی رووداو لەم چیرۆکەدا وایکردووە کە چیرۆکەکە سیمایەکی نوێکاری بە خوێنەر ببەخشێ ئەمەش لەتیف حامید و هاورێکانی کردیان لە دەیەی حەفتاکاندا و نوێکاری خۆیان پێ ئەنجامدا، ئەمەش بە کاریگەری چیرۆکی نوێی فەرەنسی بوو کە ئالان رۆب گرێ و کلۆد سیمۆن و میشێل بۆتۆر و ئەوانیتر بوون کە چیرۆکیان لە کلێشەی ئاسایی و سواوی جاران دەرهێنا و چیتر مەرج نەبوو کە چیرۆك و رۆمان ئیتر رووداو ئامێز بێت بەڵکو بریتی بوو لە گێڕانەوەیەکی هێمادار و گەیاندنی فەلسەفەی دەقەکە، تەنانەت لای هەندێکیشیان چیرۆك و رۆمان بریتی بوو لە شتگەرایی و بابەتی وەسفگەرایی و چەندان تابلۆ و وێنەی هێمادار بۆ نموونە (نهاد التکرلی) لە کتێبی (رۆمانی فەرەنسی نوێ)دا دەڵێ: (رۆمانی نوێ دیمەنی چەقبەستوو زۆر بەکاردێنێ و بۆمان بەدیار دەخات وەك ئەوەی تابلۆ بن، لەوەش زیاتر ئەم تابلۆیانە زۆر وەسف دەکات لەگەڵ وێنەی فۆتۆگرافی و دیمەندا هەروەها لەگەڵ هەموو وێنە گوێزراوەکاندا کە لەوانەیە بە درێژی وەسفییان بکات...) (4) هەر ئەو نووسەرە لە هەمان کتێبیدا دەربارەی شتگەرایی لە رۆمانی نوێی فەرەنسیدا دەڵێ: (زۆر لە رەخنەگران کە دەربارەی رۆمانی نوێ دەدوێن باسی شتگەرایی دەکەن، ئەمەش لێرەدا مەبەستیانە کە رۆمانی نوێ دەستڕەنگینی تێدا دەبینرێ لە گواستنەوە بۆ جووڵاوەو دینامیکی بۆ شتێکی چەسپاو و وەستاو. واتە بوونەوەرە زیندووەکان و جووڵاوەکان بۆ بابەت و (شتەکان)ی وەستاو دەگوازێتەوە، گومانیشی تێدا نییە کە وەسفکاری بوونەوەرە زیندووەکان دەوەستێنێ وایلێدەکات نزیك بن بە بابەتکاری ئەمەش ئەوکاتە دەبێت کە وەسف جووڵەکان دەوەستێنێ بۆ ئەهی بە



لەقتەی یەك بەدوای یەکتر شیانبکاتەوە و وەسفییان بکات.. تاد))(5).

بۆیە بەلای ئەم نووسەرانەی فەرەنسا تەنها گەیاندنی مەبەست گرنگ بووە کە بە چ رێگایەك دەریدەبڕن وەك رۆبێر بنجێ دەڵێ: ((هەموو ئەم شتانەی دەیانڵێم و گوزارشتیان لێدەکەم بەلامەوە گرنگ نین، تاکە شتێك کە بایەخی پێدەدەم لای من ئەم رێگایەیە کە پێی دەردەبڕم))(6).

لەم چیرۆکەشدا لەتیف حامید هیچ رووداوێکمان بۆ ناچنێ، بەڵکو دەمانباتە بەردەم دوو دیمەنی جیاواز و گێڕانەوە لەم چیرۆکەدا هەر ئەوەندەیە کە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بانگهێشتی کۆنگرەیەك دەکرێت کە چیرۆکنووس دیاری نەکردووە، کۆنگرەکە هی حیزبە،

حکوومەتە، ڕێکخراوەکانە.. چییە.. کەچی بانگهێشتکراو بڕوای بە پسوولە نییە و خەباتی دوێنێی خۆی لا پسوولە و ناسنامە و کلیلی چوونە ژوورەوەیە، کەچی ڕێگری لێدەکەن تا بازی بەن بەدەستەکان دەبنە سێ بۆچوونی جیاواز و لەدواجاریشدا خەباتی سیاسی خۆی دەیخاتە ناو هۆڵی کۆنگرە و دیمەنەکانی ناو هۆڵی کرنگرەش بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت ئەمەش لای چیرۆکنووس مەغزاو جیهانبینی دەقەکە بوو وەك باسمان کرد کە هێما سیاسییەکە و جیهانبینی دەقەکە لای چیرۆکنووس لە چیرۆکێکی ڕووداو ئامێزی ئاسایی گرنگتر بووە، ئەمەش سیمایەکی ئەم دەیەو لە هەمانکاتیشدا سیمایەکی چیرۆکەکانی (لەتیف حامید بەرزنجی)یە لەگەڵ چیرۆکنووسانی پێش خۆی.

6- بەکارهێنانی هێماو ڕەمز و زمانی ئاماژە کە بێگومان وەك خۆشی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (مارف عومەر گوڵ)دا کە لە ساڵی 1973 لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاویکردۆتەوە و لەم کتێبەدا دانراوە، لەتیف حامید ئاماژە بە بەکارهێنانی ڕەمز دەکات و نموونەشی بە چیرۆکی (ڕۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجووقی) هێناوەتەوە کە لەم چیرۆکەدا بەهۆی ڕەمزەوە پەیامی خۆی بۆ پێشمەرگە و شۆڕش ناردووە و هۆی بکارهێنانی ڕەمزیشی بۆ ئەوە داناوە کە ئەگەر ڕەمزی بەکارنەهێنابوایە ئایا دەیتوانی ئەم پەیامە بنێری کە بەهۆی ڕەمزەوە ناردوویەو وەك خۆشی دەڵێ پەیامەکەی گەیشتووە چونکە باری سیاسی ئەم سەردەمە وای خواستووە.. بەڵام لەگەڵ ئەمەش بەکارهێنانی ڕەمز و هێما لە دەیەی حەفتاکان و بەدواوە بوو بە سیمایەکی چیرۆکەکانی لەتیف حامید و هاوەڵە نوێکارەکانی و ڕەمز و هێماش بوو بە یەکێك لە سیماکانی چیرۆکی کوردی لە دەیەی حەفتاکان و بەدواوە. لەم چیرۆکەشیدا چیرۆکنووس پەنای بۆ ڕەمز و هێماو زمانی ئاماژە بردووە وەك چۆن لە باسکردنی چیرۆکەکەدا لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ڕەمز و هێماکانمان شیکردەوەو باسمانکرد کە لەم چیرۆکەدا مەبەست و فەلسەفەی دەقەکەی دەرخستووە و بووە بە جیهانبینی دەقەکە و بونیادی شاراوەی دەقەکە و تێروانینی چیرۆکنووسی بۆ دەرخستین.

7- لەم چیرۆکە و لە چیرۆکەکانیتری لەتیف حامیددا زۆر بایەخ بە دیالۆگ دەدات لە نێوان پاڵەوانی سەرەکی چیرۆك و کەسایەتییەکانی دەوروبەری و هەر ئەم دیالۆگە کورتانەشە کە چیرۆکەکەی پێ دەچنێ و هەندێکجار ئەم دیالۆگانە لە سەرەتای چیرۆکێکدا دەبێتە کلیل و چاوگی سەرەکی و دەرگای چوونە ژوورەوە لە چیرۆکەکانی و هەندێکجاریش هەم لە سەرەتای چیرۆکە و هەمیش لە کۆتاییدایە کە بە دیالۆگێکی کورت چ لەگەڵ خۆی و چ لەگەڵ کەسانیتر، ئەم دیالۆگانە کۆتایی چیرۆکەکە بە کراوەیی بۆ خوێنەر جێدەمێنن تا هێماو دەلالەت و ڕەمزە شاردراوەکانی بونیادی دەقەکە ڕاڤە بکات و هەم خۆی خوێنەرە زیرەکەکە کۆتایی چیرۆکەکە لای خۆی تەواو بکات و هەمیش مەبەست و فەلسەفەی دەق و جیهانبینی چیرۆکنووس بخوێنێتەوەو بزانێ چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا دەیەوێ چیمان پێ بڵێت. لەم چیرۆکەدا دیالۆگی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە لەگەڵ یەك دوو لاوەکە کەوتۆتە کۆتایی چیرۆکەکە و ئەنجام و جیهانبینی دەقەکەی داوەتە دەست خوێنەری زیرەك.

8- کات و شوێن لەم چیرۆکەدا بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت.. کاتی دیاریکراوی چیرۆکەکە ئەو کاتەیە کە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بە خۆزگە و ئاواتێکی زۆرەوە ملی ڕێ دەگرێ تا بچێتە ئەو کۆنگرەی



کـە پسـوولەی بەشـداریکردنی بـۆ هاتـووە تـا دەگاتـە بـەردەم هۆڵـی کۆنگـرە تـا دەبێتـە مشـتومڕ و دوایـی دەچێتـە ژوورەوە.. ئـەم ماوەیـە ناتوانـرێ سـەدا سـەد بزانـرێ چەنـدە بـەڵام ماوەکـەی زۆر درێـژ نییـە لـە نێـوان سـەعاتێك تـا چەنـد سـەعاتێکە.. بـەڵام کاتـی دیارینەکـراو ئـەو کاتانەیـە کـە چیرۆکنـووس چەنـد جارێـك باسـی سـاڵی پـار و خەباتـی پـار کاتەکانـی پـار دەکات، ئەمـەش هێـما و ئاماژەیـە بـە سـاڵانی رابـردووی پاڵـەوان کـە مەبەسـتی هـەر پار نییـە بەڵکـو ئـەو سـاڵانەی رابـردووە کـە پێشـمەرگە و خەباتگێـڕ بـووە و سـینگی خـۆی داوەتـە بـەر گوللـەی دوژمـن و لەبـەردەم ئـوردوی سـەربازی دوژمـن خـۆی کردۆتـە قوربانـی بـۆ خەڵکـی وڵاتەکـەی و ئەوانیـتر.

شـوێنیش هـەر ئـەم شـوێنە دەستنیشـان نەکراوەیـە کـە پاڵەوانـی چیرۆکەکـە تێیـدا دەکەوێتـەڕێ لەگـەڵ دیاریکـردن و باسـکردنی سـەر شـەقامەکان و بـەردەم هۆڵـی کۆنگـرە کـە شـوێنەکان کـراوەن و ڤالاییـان هەیـە، بـەڵام شـوێنە دەستنیشـان نەکـراوەکان هەمـوو ئـەم شـوێنانەن کـە پاڵەوانـی سـەرەکی چیرۆکەکـە لـە بیـرو مێشـك و زەینـی خۆیـدا سـاڵی پـاری کـە دەکاتـە سـاڵانی رابـردووی پێشـمەرگایەتی خەباتـی شـاخ و داخ و شـوێنی سـاڵانی پێشـتری خەباتـی چەکـداری بیردێنێتـەوە لـە چیـاو چـۆڵ و سـەنگەرەکانی خەباتـی کوردایەتـی و کوردسـتاندا.

-9 لـەم چیرۆکـەدا لـە چەنـد دیالۆگێکـی کـەم و کـورت بـترازێ دەنـا هەمـوو دیالۆگەکانـی چیرۆکەکـە دواندنـی چیرۆکنووسـە لەگـەڵ خۆیـدا کـە هـەم بـە تەکنیکـی (خۆدوانـدن)ەو هەمیـش بـە شـێوەی (فـلاش بـاك) هـ هەمیـش بـە شـێوەی (تەداعی)یـە.. ئـەم تەکنیکانـەش سـیمایەکی تـری دیـاری دەیـەی حەفتـاکان و بـەدواوە بـوو لـە چیرۆکـی کوردیـدا کـە لەتیـف حامیـد لـە چیرۆکەکانیـدا زۆر هونەرمەندانـە چیرۆکەکانـی



خـۆی پـێ نووسـیوە و توانیویەتـی نوێـکاری خۆیشـی پـێ بـکات.

-10 وەك لـە خوێندنـەوەی چیرۆکەکەشـدا باسـمانکرد لـەم چیرۆکـە و چیرۆکەکانـی تـری لەتیـف حامیـد دا کۆتایـی چیرۆکەکـە وەك قاڵبێکـی مۆپاسـانی پێشـووی چیرۆکـی کـوردی ئەنجامـی بـۆ دانەنـدراوە بەڵکـو کۆتایـی دەقـی چیرۆکەکـە بـە کراوەیـی بـۆ خوێنـەری زیرەکـی جێهێشـتووە کـە ئەویـش دەبێتـە تەواوکـەری سـێیانەی (نووسـەر- دەق- خوێنـەر) و ئـەم خوێنەرەشـە کـە دەبێتـە بەشـدارێکی چیرۆکەکـە و

لە زەینی خۆیدا چۆنی بویێت ئەنجامی چیرۆکەکە وا تەواو بکات، ئەمەش هەر سیمایەکی دیاری دەیەی حەفتاکان بەدواوە بوو لە چیرۆکی کوردیدا کە بە کاریگەری چیرۆکی نوێی فەڕەنسی و ئەورووپی و چیرۆکی عەرەبی هاتە نێو چیرۆکی کوردی.

-11 ئەم چیرۆکەی لەتیف حامید و چیرۆکەکانی تریشی هەمووی دەربڕی ئێش و ئازار و موعاناتی مرۆڤی کوردە بەدەست ئەم سەردەمە جەنجاڵە و هەموو نیشاندانی خەم مەینەتییەکانی مرۆڤی کوردە و هەموو خەبات و تێکۆشانە لە پێناوی شۆڕش و قوربانی و دەربڕی ژانی سیاسی مرۆڤی کوردە کە لای چیرۆکنووس لە هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترەو ئەمەش وەك لەم چیرۆکەیدا و لە هەموو چیرۆکەکانی تریشی دا وەك تایبەتمەندی و مۆرکی خۆی پێی دەناسرێتەوە، تەنانەت وەك ستایلێکی لەتیف حامید بەرزنجیش لە بونیادی چیرۆکی کوردیدا دەناسرێتەوە.

-12 دەکرێ ئەم چیرۆکە لە دەلاقەیترەوە راڤە بکرێ و بخوێنرێتەوە، بەڵام ئێمە لە خاڵە گرنگ و لایەنەکانی گرنگی تەکنیك خوێندنەوەمان بۆ ئەم چیرۆکە کردووە، دەکرێ شتی تریش هەبن ئێمە باسمان نەکردووە یا هەستمان پێی نەکردووە، بێگومان تۆی خوێنەریش لە خوێندنەوەی چیرۆکێکی وەها جوان و سەرکەوتوو و هونەری و نوێدا خوێندنەوەی جیاوازت هەیە، تۆش دەتوانی نوێکارییەکیتر لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا بخەیتە بەر زەینی خۆت و بەشدار بێت لە خوێندنەوەیەکیتر و جیاواز لەگەڵ مندا و بە هەموومان ئەم دەقە جوانە و نوێیە بەتایبەتیش کە یەکەمجارە بڵاودەبێتەوەو دەخرێتە نێو دنیای چیرۆکی نوێی کوردیدا و دەتوانین بخەینە ناو تۆمار و ئیتر تۆ و توێژەری داهاتووش بەشدارێکیتری لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی وردتر و زانستیتر بێت.

**پەراوێزەکان:**

**(1) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، ل30.**

**(2) ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، 1970ـ1980، ل213.**

**(3) ئیبراهیم قادر محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل208.**

**(4) نهاد التكرلي، الروايه الفرنسيه الجديده، الجزو الپاني، ل105.**

**(5) نهاد التكرلي، هەمان سەرچاوە، ل106.**

**(6) نهاد التكرلي، هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل48.**

**سەرچاوەکان**

**1ـ نهاد التكرلي، الروايه الفرنسيه الجديده، الجزو الاول والپاني، دار الشؤون الپقافيه والنشر، الموسوعه الصغيره (166ـ167)، دار الحريه للگباعه، بغداد، 1985.**

**2ـ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی رەنج، چ/1، سلێمانی، 2001.**

**3ـ ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (1970ـ1980) تێزی دکتۆرا پێشکەش کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە، ئابی 1997، چاپی رۆنیۆ.**

